# بەیاننامەیەك لە سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان

## بەشداریو دەنگدان بە (بەڵێ) لە ریفڕاندۆم ... ئاسوودەیی دەبەخشێتە کەسوکاری شەهیدەکانمان

ئەندازیارانی خۆشەویست، هاونیشتیمانیانی بەڕێز، خوشكو برایانی هێژا ......

وادەی دیاریکردنی چارەنووسی گەیشتن بە دوا ئاواتمان، وا بەرە بەرە کەم دەبێتەوەو لە کاتژمێر سفر نزیك دەکەوینەوە. ئەو وادەیەی لە پێناویا، بە درێژایی مێژووی پڕ لە هەورازو نشێودا، میللەتەکەمانو خەڵکی کوردستان بە گشتی، لە قۆناغی جیاجیای خەباتو تێکۆشاندا، بۆ سەربەخۆییو ئازادی، قوربانی زۆریان داوە. هەزاران لاوو گەنجو ئافرەتو پیرو منداڵ، لە پێناویادا، گیانیان بەخت کردووە. هەزاران دایك جگەرسووتاو بوونە بۆ لەدەستدانی رۆڵەو جگەرگۆشەکانیان. هیچ تاکێکی ئەم کوردستانەو ئەم گەلە نیە بەشداری ئەم قوربانیدانەی نەکردبێت بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە. ئێستاش، رۆژانە هەر لەم پێناوەدا، پێشمەرگە قارەمانەکانمان، پڵنگ ئاسا، سنگیان کردووەتە قەڵغانو خوێن دەبەخشن بۆ پاراستنی خاکی کوردستانو ئارامیو ئاسوودەیی خەڵکەکەی. قۆناغی زۆرمان بڕیوەو خەریکە دەگەین بە دوندی ئاواتەکانمان. بۆیە، رۆژی 25ی ئەیلول، رۆژێکی چارەنووسسازو هەستیارە. لەسەر هەموولایەك پێویستە، بەرژەوەندی نیشتیمانیو نەتەوەیی، ستراتیژو ئامانجی سەرەکی بێت. بێگومان ئەمانەش، پێویستی بە یەکڕیزیو یەك هەڵوێستی هەیە. پێویستە ناکۆکیەکان وەلابنرێنو هیواخوازین ئەم پڕۆسەیە ببێتە هەوێنی دووبارەی یەکخستنەوەی ناومالّی کورد لەپێناو ئامانجە گەورەکەدا. پێویستە، بە حەماسەوە، بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونەی لەپێناویا رووباری خوێن دراوە، بەرەو پیری ئەم سەروەریە نەتەوەییو نیشتیمانیە بچینو بەشداری کارامان هەبێت تیایداو وەفاداربین بۆ خوێنی شەهیدو خانەوادەکانیان.

هاوکارانی ئازیز، ئەندازیارانی هێژا ......

ئێوە هەمیشە لە مەیدانو پێشمەرگە بوونە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وولاتەکەتان. هەروەهاش لە بەجێگەیاندنی ئەرکی نەتەوەییشدا لە پێشەنگەکان بوونە. دڵنیاین لە ئەنجامدانی ئەم ئەرکەشدا، رۆڵی کارای خۆتان دەبینن بۆ تومارکردنی سەروەریەکی تری مێژوویی بۆ خۆتانو خانەوادەکەتانو لە پێشەنگەکان دەبن وەك هەمیشە.

**نەمری بۆ شەهیـــدەکانمانو سەربەرزی بۆ خانەوادەکانیان .........**
**بژی پێشمەرگە، هێمای بەرخودانو فیداکاریو قارەمانیەتی .........**
**بۆ پێشەوە بەرەو ریفراندۆمو سەربەخۆیی گەلی کوردستان ..........**

**عبدالرحمن علی کوردە**
**سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان**
**2017 / 9 / 5**